# ناسیونال سۆسیالیزم
## ٣-٤

ئا: و:حەسەن محەمەد مەحموود

پێشەکی:

لەو دەبەنگ و چەپەڵانەی کە چارەنووسی مرۆڤایەتیان خستۆتە ژێردەست،

لەو نارەسەن و نانەجیب و بێفەڕانەی کە بەسەر مرۆڤەکاندا دەسەڵات دەگێڕن، بەڵام مێژوو بەچاکە لێیان دەگێڕێتەوە، چ بڵێم چ بڵێم- ". گۆرگی ئیوانۆف (هەڵبەستوانی رووسی)

ئێمە کاتێک کە لاپەڕەکانی مێژووی سەردەمی سەدەی رابردوو هەڵدەدەینەوە خۆمان بەسەر رووبارو گۆماوە ئیشک نەبووەکانی خوێن دەبینینەوە کە خولقێنەرانیان هەست و رۆحی ویژدانە زیندووەکانی ئادەمیان پێ بریندارکردو بوونە تابلۆیەکی ترسناکی خەوزڕێن و مۆتەکەیەک بەسەر دڵ و دەروون و رەوانی مرۆڤە ئازار چەشتووەکانی سەردەمی نوێی جیهانێک کە بووە گۆڕەپانی تاقیکردنەوەو پیادەکردنی هزری ئەو بیردۆزانەی کە شوێنکەوتەو لایەنگرانیان کوێرانە پێی هەڵسان یان ئەوەتا کردیانە ئەرکێک بەسەر نەتەوەکانیان و بەسەریاندا سەپاندن، یانیش بوون بەچەکێکی کوشندەو لەپێناو ئایدۆلۆژییەکەیان و بەمەبەستی گەیشتن بەمەرام و نیازە گڵاوەکانیان، قەڵاچۆیان بەنەتەوە ژێردەست و کەمینەو خاک لێزەوتکراوەکانیان کرد(شوێنبزرو قڕکران) کە ئەمەش زۆر بەگرانی لەسەر دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتیان وەستاو، هەروەها

لەسەر خۆشیان بەگران وەستا کە باجە قورسەکەشی بەسەر خەڵکیدا شکاو قوربانی سەدان هەزاری و ملیۆنی لێکەوتەوە، لەخەڵکی رەشوڕووتی رووسیاوە بگرە تا ئەرمەن و جوو و رەشپێستەکان و ... کوردیش هەروەک دیارە وەکو نەتەوەیەک کە سەردەمانێک خاوەن سەروەری خۆی بووە بەدرێژایی مێژوو قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان پاش داگیرکاری و ژێردەستەکردنی، دووچاری رەشەکوژی و تواندنەوەو کاولکاریی زۆربووە لە لایەن بێگانەو داگیرکەرەکانییەوە، بەڵام ئەوەی کە جێی ئاماژە پێکردن و تێڕامانەو سەیر دێتە بەرچاو ئەوەیە کە ئەم گەلە لە سەردەمێک دوچاری رەشەکوژی و کاولکاریەکی دیکە بووە کە هیچ کونوقوژبنێکی جیهان شاراوە نەدەما لەبەر دیدی راگەیاندنەکان و .... ئەویش بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە جیهان بەخۆیەوە دیبووی ، لەگەڵ ئەوەشا دەبێت ئەمە بگوترێت کە پێش ٣٦ساڵی ئەو تاوان و راگواستن و رەشبگیری و کوشتارانە ناوێک تۆمارکرا، لە ساڵەکانی ١٩٤٧ لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی پێناسەکراو تاوانی ئەنجامدەرەکەشی خرایە ئەستۆی خۆی چ وەکو تاک چ وەک دەوڵەت خۆی، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٨بڕیاری قەدەغەکردنی لەسەر دراو ناویشی نرا " رێککەوتننامەی کۆمەڵکوژی" (جینۆساید).

هەروەها لە ساڵی ١٩٥١ کاری پێکراو (مەبەست بڕیاری جینۆسایدە) ئەوەی کە جێی ئامارژە پێکردنە لێرەدا ئەوەیە کە لە خاکێکی بەزۆر لکێنراو کە ناونرا عێراق. (جا هۆکارەکەی نایەکرِیزی کورد و نەبوونی میکانیزمێکی کارکردن تاکو لە کاتە چارەنووس سازەکاندا .... یان درەنگ هەستکردن و پەیبردن بەپلانی ژێر بەژێری بەرامبەر...ئەوە با بمێنێت).

کە زۆربەی تاوانە گەورەو مەحکوومکراوەکانی بەسەر دانیشتوانە مێژوویی و رەسەنەکەی کە کوردە لە لایەن سەرکردەو داگیرکەرە عەرەبەکانەوە ئەنجامدرا خودی خۆی واتە دەوڵەتی بەناو عێراق لە ١٩٥٩ بووە ئەندام و چووە ریزی ئەو دەوڵەتانەی کە رێککەوتننامەی کۆمەڵکوژیان مۆرکرد، بەڵام ئێمە هەرچەند دەکەین و دێین و دەچین هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا پێش رووخانی دواین دەوڵەت و تاوانبارو خونکاری دەسەڵاتگێڕی شۆڤێنیستی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەم خاکەدا بەم راستییە دەگەین کە قەت نەیتوانیوەو نەیویستووە خۆی لە گەڵ یاساو خاڵ و بڕگەکانی مافە مەدەنی و مرۆییەکانی... یاسای نێودەوڵەتی بگونجێنێ و هاووڵاتی و دانیشتوانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتەکەی لە خۆ رازی بکات و یاخود بەدانانان لە لایەن خەڵکییەوە شەڕعییەتی وەرگرتبێ(بەتایبەت لە لایەن کوردەوە).

یەکێک لەو رژێمە زیانبەخشانەی کە زیان و کاولکارییەکی زۆری ناوە لەم خاکەداو بە ئاگرو ئاسن حوکمی کردووە رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسی عەرەبی بووە کە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوەو گرتنە دەسەڵاتی (کەرەگوڕیشەو شێوازی بیرکردنەوەی لەپێشخۆیەوە"رابردوو" سەرچاوە دەگریٚ) بۆ ئەو ئامانجەی کە پەرەپێدان بەخاکی عەرەبی لەژێر دروشمی یەک دەوڵەت و یەک نەتەوەو زمان و سەرکردە بووە کاری کردووە ئەویش لەسەر حیسابی نەتەوە رەسەنەکەی ئەم خاکە تائەو جێیەی کە بەم شێوە بێشەرمانەیە گوتەو راو تیرِوانینەکانیان بەرامبەر بەم نەتەوەیە دەرببڕن و دەرەنجامی هەموو ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کورددا هات هەر ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە بوو کە کەسێکی بەعسی وەکو تالیب شەبیبە لە کاتی خۆی دەڵێت: «تێگەیشتنی گشتیمان لەسەر کورد ئەوەیە کە گەلێکن هاتوونەتە خاکی عەرەب و بوونەتە میوان لە نیشتمانەکەدا» یانیش پاڵەوانە شمشێر بەدەستە پۆشالیەکەی عەرەب ،سەدام کە دەیوت: عێراق لەسەر نەخشەی وڵاتانی عەرەبیەو ئێمە دژی ئەوە نین کە کەمینەی نەتەوەیی لە وڵاتانی عەرەبیدا بژین....

**حکوومەتی عێراق و حزبی بەعس ئۆتۆنۆمییان بەخەڵک داوە نەک بەخاک) و یاخود ترسنۆکێکی وەک عەلی کیمیاوی وەها بەپشتگەرمی و بێ منەتانەو بەپشتگیری لە لایەن خاوەن شکۆکەیەوە بەرامبەر بە کورد قسانەکات کە جێی هیچ هەست و سۆزێک بۆ خۆی و جەلادەکانی ناهێڵێتەوە کە هەروەک باوە: چی لەم بزنانە بکەم ...ئەم تێکدەرانە چۆن لەناو ببەم بەشۆقەڵ دەیانخەمە ژێرخاکەوە... کێ هەیە شتێک بڵێت؟ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی؟.. ئەوەیان بەسەردێنم و وا لەوانەش دەکەم کە گوێیان لێدەگرن.. نەک یەک ڕۆژ بەڵکو پانزە ڕۆژ بەکیمیاوی لێیان دەدەم... بۆ ڕێگایان بدەم وەک کەر کە هیچ شتێک نازانێ لەوێ بژین؟... ژنەکانیان خراپ بکەن ...سەریان پاندەکەمەوەو ئەو سەگانە سەریان دەهارم و وەک خەیار لەتوپەتیان بکەن و....).**

**هەر لە شێوازی گوتەکانیان دەتوانرێ پەی بە هەستی شەڕەنگێزی و تالانچێتی ئەو حزب و ڕژێمە ببردرێت کە زۆر بێباکانەو بێشەرمانە پلانەکانیان پیادە کرد ، لە راگواستنەوە بگرە تا رەشبگیری و دەستدرێژیکردنە سەرئافرەتان و لێک جوودا کردنەوەو هەڵتەکاندنی خێزانەکان وتالان و خاپوورکردنی گوندو لەناوبردنی دارستانەکان و کوشتنی بە کۆمەڵ کە هەموو ئەوانەش لەژێر یەک ناو کۆدەبێتەوە، ئەویش «جینۆسایدە».**

**گوتەکەی ئەنیشتاینیش لێرەدا راستی خۆی دووپاتدەکاتەوە کە دەڵێت: جیهان پڕ مەترسییەو بەکەڵکی ژیان نایەت.**

**نەک لەبەرئەوانەی کە خراپەکاری دەکەن، بەڵکو لەبەر ئەوانەی کە ئاگایان لەو خراپە کاریەیەو ڕێی لێناگرن" .**

بەهاتنە سەر دەسەڵاتی ناسیۆنال سۆسیالیزم دەگەینە قۆناغێک کە تیۆرەکانی رەگەزی بەچەشنێکی وەها کارتێکەرانە بەکارگیرا کە جیاکردنەوەو دەستنیشان کردنی تیۆرو کردە لە یەکتری دژواردەبێت.

**١-هیتلەر "خەباتی من"**

هیتلەر «خەباتی من»ی لە ساڵی ١٩٢٤ کاتێک کە لە قەڵای لاندزبێرگ landsberg دەستبەسەرکرابوو(زیندانیبوو) نووسی: ئەم کتێبە چرکراوە دوو بەرگییە کە نووسەرەکەی رازی نەبوو لەسەر وەرگێرانی...، بەرهەمی سادەبینی..زیرەکانەی پیاوێکە کە زۆر کاتی خۆی بەخوێندنەوەو لێکۆڵینەوە خەریک نەدەکرد.

هیچ گومان لەوەدانییە کە هیتلەر لایەنگری قوتابخانەیەکی کردووە کە تێیدا پێگەیەنراوە(مەبەست:لەرووی هزرییەوە). کاتێک کە لە ڤییەننا بووە بەگوروتینێکی زۆرەوە خوێنەری گۆڤاری ئوستارا ostara بووە، کەلەنێوان ساڵەکانی ١٩٠٥ لە لایەن یورگ لانز ڤۆن لێبن فێلزەوە lie- von lans jorg fels ben دەردەچوو. ناوبراو کەسێک بوو کە (تەنانەت لەو کاتیش) ئالای خاچی چەماوەی لەسەرکۆشکەکەی (وێرتنشتاین wertenstein) هەڵکردبوو...

ئەم پیاوە بەهەوڵ و تێکۆشانە نهێنییەکانی خۆی، کە تا سنوورەکانی نەزانی و تەنانەت گاڵتەجاڕییانە چووە پێش خوازیاری "دامەزراندنی نیزامێک بوو کە تێیدا پیاوانێک لە پاڵەوانانی ئاری سەرقافڵەی رەگەزی سەروەرو باڵادەست پێک بهێنن: رەگەزێک کە لە کەسانی مووبۆرو چاوشین پێکهاتبێت و داستانێکی بێ ئەمان، دژ بەڕەگەزە ئاوێتەبوو نزمەکان بگرێتەبەر".

لەو ڕۆژگارەدا سەرنج و گرایشێکی تازە پێگرتووی وێژەیی هاتبۆوە کایەوە کە ڕۆمانی ئارتوردینیتەر dinter Arthur لەژێرناوی "تاوانی دژبەخوێن" نموونەی بەرچاوی باری ئەوسا بوو.

خاڵی جێسەرنجی ئەم کتێبە بەم جۆرەیە کە کچە گەنجێک لە دەرەنجامی هەبوونی پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کابرایەکی جوو منداڵێکی لێدەکەوێتەوەو ئینجا زۆری پێناچێت دەمرێ. ئەم کچە پاشان شوو بە "ئاریەک" دەکات و

منداڵێکی دیکەی دەبێت کە زۆر دەچێتە سەر شێوەی منداڵەکەی پێشووی، واتە تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی جەستەیی جووێک دەگرێتە خۆ.

لە مێژوودا هیچ کاتێک جووەکان تا ئەم رادەیە بەهۆکاری نەهامەتی و ماڵوێرانییەکان نەژمێردرابوون.

...ئەمە شتێک بوو کە هیتلەر لە سەردەمی لاوێتی خۆی لە ڤییەننا سەرنجی کەوتە سەر. لەم بارەوە دەنووسێ: "ئایا دەتوانرێ هەرکردەوەیەکی چەپەڵ و قێزەوەن کە مرۆڤ بیری بۆ دەچێ و دەبینرێ بەلای کەمەوە جوولەکەیەک دەستی تێدا نەبووبێت؟ بۆ سەلماندنی ئەم گوتەیەی کۆمەڵێ نموونە دێنێتەوەو هەر لێرەوەیەشە کە تیۆرێک چەکەرەی کرد کە دواتر لەڕێی پڕوپاگەندەی نازییەکانەوە گەشەی سەندو پەرەی پێدرا.

هیتلەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە:"هەر بەم جۆرە، بەباشی دیارە کە خەباتی دژ بەجوولەکەی من لەڕاستیدا خەباتێکە بۆ بەرگریکردن لە خواست و ئیرادەی خوا کە من پێی هەستاوم..."

ئاوێتەبوونی رەگەزەکان لەگەڵ یەکتری تاوانێکە "دژ بە ئیرادەی بوونی خوا، واتە پەروەردگاری مەزنی ئێمە".

لەمەڕ ئەوەی کە دەگوترێ لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ دەستەمۆ کردن و دەستبەسەراگرتنی سروشتە

هیتلەر دەڵێت: "ئەمە ئیدیعایەکی تەواو جوولەکانەی گاڵتەجارییانەیەو لە نەزانی و کاڵفامیەوە سەرچاوەدەگرێ."

ئەو نەتەوانەی کە ئامادەن ئاوێتەی نەتەوەکانی دیکە ببن هەرزوو لەناودەچن و ناویان لەناو لیستی نەتەوەکان دەسڕدرێتەوە. هەر جووەکان بوون و هەرئەوانیشن کە رەشپێستەکانیان بۆ مەبەستێکی نهێنی هێنانە کەنارەکانی رووباری (راین). ئەمەش هەر بۆ ئەم مەبەستەی کە هەروەک دەیزانین بۆ لەناوبردن و هەڵتەکاندنی رەگەزی سپییە، کە رقیان لێدەبێتەوە ئەویش لەڕێی ئاوێتەکردنی خوێنەکەی. " بێجگە لەمانە ئەوە فەرەنسایە کە بەرپرسی هەموو ئەم نەهامەتییانەیە: "ئەم میللەتە،... لەڕێی ئەو یارمەتییەی کە بۆ ئامانجی جووەکان لەپێناو گەیشتن بەدەسەلاتێکی بەهێز بەشێوەیەکی نادیار، بوونی رەگەزی سپی لە ئەورووپا دەخاتە مەترسیەوە."

لەڕوانگەی هیتلەرەوە هەر بەو شێوەیەی کە جوو بەدوژمن دەژمێردرێت، رەگەزی رەش بەتەواوی وەک بوونێکی نزم و هیچ سەیردەکرێت، ئەو وشانەی کە لە خووارەوە ئاماژەیان پێدەکرێ دەرخەری رووە راستەقینەکەی شێوازی بیرکردنی رەگەزگەرایییە: ..ئەگەر بمانەوێت کە بزانین مرۆڤایەتی لەسەردەمی ئێستادا تا

چ ئاستێک بەهەڵەدا دەڕوات، هیچ ئاماژەیەک باشتر لەو نموونەیەی خوارەوە دەرخەری نییە... جارجارە لە رۆژنامە وێنەییەکاندا کۆمەڵێ وێنە لە رەشپێستێک دەخەنە بەر دیدی هاوولاتیانی ئەڵمانی ئێمە کە لە فلانەشوێن گەیشتۆتە پلەی پارێزەرێتی دادگا، یا مامۆستایەتی، کەشیشی، ... .

هەر لەو کاتەی کە هاوولاتیانی کاڵفامی ئێمە خەریکی هەڵنانەوەی بەرهەمە سەیروسەمەرەکانی ئەم راهێنراویەتەن (لێرەدا وشەی dressage کە بەواتای راهێنانی ئاژەڵەکانە بەکارهێنراوە)، هەروەها بۆ ئاکامە سوودبەخشەکانی پەروەردەی مۆدێرن هەستێکی سەرسوڕهێنەرانەو رێزێک لەناو دەرونیان دروستدەبێت، جوولەکەی فێڵباز دەستکەوتێکی باش دەستدێخێت لەبەرەوپێشبردنی کارو بیرو باوەڕەکانی کە ئەویش یەکسانی نەتەوەکانە. ئەم شێتایەتییە وەکو تاوانێکە کە مرۆڤ خۆی بە راهێنانی بوونێک خەریک بکات کە لەبنەڕەتدا نیوە مەیموونێکە و ئینجا بیگەیەنێتە پلەی پارێزەرایەتی، لە کاتێکدا بەملیۆنان نەفەر لە نوێنەرە رەگەزیەکان کە گەیشتونەتە ترۆپکی شارستانیەت و پێشکەوتن لە کوڵەمەرگی و ... رۆژگار بەسەربەرن.

گوناهێکی دژ بەئیرادەی خوای

بەرزو مەزنە گەر کەسێک رازیبێت لەسەر ئەوەی کە ئەو مرۆڤە زیرەک و بەتوانستانە لەناو گرووپەکانی سەدهەزار نەفەریدا لە ناخۆشی و رەنجبەری چینی زەحمەتکێشی ئێستادا لەناو بچن، ئەمیش خۆ بە خۆماڵیکردنی (دەستەمۆ) هۆتانتۆکان و کافرەکان خەریک بکات و رێگایان پێبدات ببنە ناوەندی (چاوگی،سەرچاوەی)کارە گرنگ و ئازادەکان.

هەڵبەت هەموو ئەم تێبینییانە لەگەڵ کۆمەڵێ پێداویستی و ئەرکی بۆ دەوڵەتێکی رەگەزگەرا دەهێنایە کایەوە. بۆ نموونە، لە سەرەتادا قەزیەی هەڵسەنگاندنی دوبارەکی هاوسەرگیری دەخرێتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ژن و مێردایەتی(هاوسەرێتی) لەو "گێژاوەی کە سەرپێچییە بەردەوامەکانی رەگەزی لەخۆیدا رۆی بردووە دەربهێنرێ و رێزوبەهای خۆی بۆ بگەڕێنرێتەوە تاوەکو ببێ بە دەستوورێک (بەرنامەیەک) بۆ هاتنەکایەی ئەو بوونانەی کە لەڕووی چۆنێتییەوە خوای گەورە چۆنی بیەوێت وای لێدەربچێت، نەک ئەوەی دێوەزمەیەکی لێ بێتەکایەوە کە لەنێوان مەیموون و مرۆڤدا بێت". کەوابوو دەبێت ئاگاداری پاکیی خوێن بین، (خۆپاریزی لە ئاوێتەبوون) هەروەها لەشوێنێکی دیکەش نووسەری «خەباتی من» دەڵێت: ئەگەر لە رۆژگاری ئێمەدا لەشجوانی (جوانی ئەندام) بەهۆی گۆڕانی مۆدەکان لەڕوی بایەخەوە بەپلە دوو نەدەژمێردرا «سەدان هەزار لە خاتوونە گەنجەکان شەیدای ئەم زۆڵ و قیزەونە جوانە«بەقاچەخێچ و خوارەکانیان نەدەبوون».

تائەو شوێنەی کە دەڵێت: " دەوڵەتێک کە لەم سەردەمی ئاوێتەبوونی رەگەزەکانا، بەپەرۆشەوە لە خەموو..هەوڵی بۆ پاراستنی باشترین جۆری رەگەزەکەیەتی (لە تێکەڵاوبوون بەرەگەزەکانی دیکەوە) جێی خۆیەتی کە رۆژێک ببێتە فەرمانڕەوای جیهان" ئەمە رستەی پێش کۆتایی خەباتی منە.

٢-رۆزنبێرگ

**«ئوستوورەی سەدەی بیست»**

ئالفرێد رۆزنبێرگ، کە بنچ وبناوانی دەچێتەوەسەر مەملەکەتی ئستۆنی لە کەنارەکانی دەریای بالتیک، لە ساڵی ١٨٩٣ لەروسیا چاوی بە دونیا هەڵێناو وەکو چەمبەرلین بووە هاووڵاتییەکی ئەڵمانی.

رۆزنبێرگ شانبەشانی هیتلەر لە مۆنیخ بەشدار بوو لە چالاکییە سیاسییەکان، لەشۆڕش و راپەرینەکانی ساڵی١٩٢٣ بەشداری کردو لە ساڵی ١٩٣٠ وەک نوێنەری رایشتاگ هەڵبژێردرا، هە رلەم ساڵەشدابوو کە زۆربەی بەشی هەرە زۆری بابەتەکەی «ئووستوورەی سەدەی بیستەم»ی دەرکرد، لە ساڵی ١٩٤١ بەپلەی وەزیری رایش بۆ خاکە داگیرکراوەکانی رۆژهەڵات هەڵبژێردراو لە دادگایکردنەکانی پیاوانی نازی لە نۆرنبێرگ سزای مەرگی بەسەردا سەپێنراو هەرلەم شارەش لە بەرواری ١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٦ لەسێدارە درا.

لەگەڵ ئەوەشا کە رۆزنبێرگ وەکو بیردۆزێکی نازییەکان ناسراوە، بەڵام کتێبەکەی لەژێر ناونیشانی «ئوستوورەی سەدەی بیستەم» زۆر نەکەوتە بەر دڵی هیتلەرو بەم چەشنە رای خۆی لەسەر دەربڕیبوو کە کتێبەکەی هەروا سەرسەریانە براندۆتەوەو تێگەیشتن لەکتێبەکەی بەدژوار زانیوە، ئینجا بەزاراوەیەکی گاڵتەجاڕی و تانەو تەشەرەوە گوتبووی: دەبێت ئەمەش بزانرێت کە مەحکوومکردنی ئەم کتێبە لە لایەن کاردیناڵ فولهابێرو کڵێسای کاتۆلیکەوە بوو کە رێژەی فرۆشتنی بەرز کردەوە.

تیۆری رەگەزگەرایی و پاکی خوێن لە هەموو جێیەکی ئەم پەرتووکەدا زاڵ و بەرچاوە(بەزەقی دەبینرێ)، بەڵام ئەم تیۆرانە لەسەر بناغەو بنەمایەکی پتەوتر لە هی کتێبەکەی هیتلەر کە شێوە شەرێکی شێواوی بەخۆوە گرتووە دەرخراون.

هەرشتێک کە پەیوەندی بە وڵاتەکانی باکوورەوە هەیە (وادیارە رۆزنبێرگ بەکارهێنانی ئەم دەستە واژەیە بەلاوە پەسندتر بووە لە

دەستەواژەی ئاری) لەڕوانگەی ئەودا جێی ڕێزە: لە خاڵی بەرامبەرەکەشی پەشێویەکی ڕەگەزی جێگیرە کە باشترین نموونەشی جووی بێ ڕەگوریشەیە.

بێجگە لەمانە ڕۆزنبێرگ ئێجگار زۆر دژی کاتۆلیک و دژەکریستیان بوو، هەروەها هەرشتێک کە لایەنی گشتگیری هەبوایە دەیخستە بەر پەلامار وەک: فراماسۆنەکان، یەسوعییەکان، سۆسیالیستەکان و مارکسیستەکان. هۆکاری تاوانبارکردنی ئەوەی دواییان ئەوەبوو کە دەیانویست بەسەر ڕەگەزو گیانی خەڵکی ئەڵماندا زاڵبن.

هۆزە یۆنانییەکان "باکوور" لەوکاتەی کە بڕوایان بە دیموکراسییەت پەیدا کرد بەنەمانەوە تووش هاتن(دووچاری دارمان و لاوازیبوون):

"غەیرە یۆنانییەکانی بێگانە (بەربەرەکان) توانییان ببنە هاووڵاتی ئەسینایی، هەربەو چەشنەی کە لە چاخەکانی پاش ئەو جووە ڕۆژهەڵاتییەکان بوونە هاووڵاتی ئەڵمانی".

بێجگە لەمانە سوکرات، یۆنانی نەبوو، ئەو سۆسیال دیموکراتی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمە بوو... . گوتارەکانی لەمەڕ ژیانەوە ژیرانە بوو، بەلام "یەکسان بوو لەگەڵ شێواندن و هەڵتەکاندنی ڕەگەزو گیانێکی مردووی یۆنانی...)

ئەو مێژووەی کە ڕۆزنبێرگ بۆ ئەورووپای دەستنیشان کردووە، تائەو جێیەی کە پەیوەندی بەفرانساوە هەیە بەم نەتیجە گیربە کۆتاییدێت :" لە باشووری وڵات، هێندێ ناوچە هەن کە بەتەواوەتی مردوون، هەربەو شێوەیەی کە بۆ ڕۆمای کۆن روویدا، خەریکی پەلکێشکردنی ئەفریقییەکانن.

شارەکانی وەک تۆلۆن (tou-lon) و مارسێی (mar-seille) بەبەردەوامی سەرچاوەکانی گەندەڵی بۆ ناو وڵات ڕەوانە دەکەن. لەپەنا کڵێسای نۆتێردام notre dome خەڵکانێک تێخزیون کە هەر ڕۆژ پتر ڕۆدەچنە ناو گەندەڵی و نەمانەوە.

لێرەدا، خەڵکانی ڕەشپێست و دوورەگە، لەکاتێکا دەستیان لەناو دەستی ژنە سپیپێستەکاندایە لە هاتوچۆدان(پیاسەدەکەن): گەرەکێکی تەواو جوو لەگەڵ کەنیسەیەکی نوێ لە پەرەسەندندایە. پیاوانی نیوەڕەش و تازەپێگەیشتوو، بنەچەی ئەو ژنە سپیپێستانە کە هێشتاش بەهرەیەکی جوانیان پێوە ماوە لە هەموو ناوچەکانی فەرەنسا بەرەو پاریس ڕاپێچیان کردوون و تێوەدەگلدرێن."

بەبۆچوونی ڕۆزنبێرگ لەنێوان بیروباوەڕی کاتۆلیکەکان، فراماسۆنەکان، جولەکەچییەتی و، مارکسیستەکان، هەرهەموویان بەشێوازی جۆراوجۆر دژی باڵادەستی و سەروەری ژەرمەنن و دوژمنن، ئەو دروشمە کاتۆلیکیەی کە دەڵێت: «بۆ مێگەلێک شوانێک بەسە» ئەمە بەتەنێ ڕاگەیاندنی جەنگە دژی خواستەکانی ژەرمەن.

لە ڕووەکی ترەوە... "ئەو گوتە مرۆڤدۆستانەو خەمهێنەرانە" هەروەها تیۆری یەکسانی مرۆڤەکان، زیانێکی گەورەوگرانیان بە شارستانیەت گەیاندووە: " لەئاکامی هەر ئەو گوتانەیە کە هەر جوویێک، یا ڕەشپێستێک یاخود نیوە ڕەشپێستێک توانیویەتی ببێتە هاووڵاتییەکی یەکێ لە وڵاتە ئەورووپییەکان... هەروەها هەر لەژێر سێبەری سۆزی مرۆڤدۆستیەوەیە کە پیاوانی ڕەشپێست و جوو دەتوانن هاوسەر بگرن لە ڕەگەزی ژنانی باکووری."

هیتلەریش بەنۆرەی خۆی لە شوێنێکی دیکە ئاماژەدەکات بەوەی کە "سیاسەتی فەرەنسا ڕەشپێستەکان لەگەڵ ڕەگەزی سپی دەخاتە یەک ریزەوە هەر بەو جۆرەی کە لە ١٤٠ ساڵ پێش بووە دەستپێشخەری ئازادی پێدان بۆ جووەکان، ئێستاش بەرپرسی یەکەمی تێوەگلانی (شێواندنی) ئەورووپایە لەڕووی مانەوەو بوونی ڕەشپێستەکان گەربێ و ئەم هەڵسوکەوتانە بەردەوامبێت چیدیکە ناتوانێ فەرەنسا لەریزی

ولاَتە ئەوروپییەکان بژمێردرێت، بەڵکو دەبێت بە بەشێک لە خاکی ئەفریقیا لێی بڕوانرێ کە لە لایەن جووەکانەوە بەڕێوە دەبردرێت." ... دەبێت رەگەز (بنەچە) چاکسازی و پاک بکرێتەوە: لەپیاوەتی(نەزۆککردن) خستنی نەخۆشەکان وتاوانباران لەڕێی نەشتەرگەرییەوە هەروەها قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان پیاوە ئەڵمانییەکان و ژنە جووەکان، تەنانەت پێشگرتن لە پەیوەندی سێکسی نێوانیان، ئەمە بەشێک لە کەمترینی ئەو بەرنامانەیە کە دەبێت بخرێتە قۆناغی پیادەکردنەوە.

هەروەها کاتی ئەوە هاتووە کە دینێکی نوێ بێتە کایە: دینی کۆن، واتە ئایینی کلێسای سووری- جوو - رۆژهەلاتی، "رێگای بەسەر هێزەکانی رێکخراوەیی ئەو نەتەوانەی کە خوێنی باکووریان لە دەماردایە گرتووە".

لەگەڵ ئەوەشا کە سەرسوڕهێنەرو ناچاوەڕوانکراو دێتەبەرچاو، بەلاَم بیروباوەڕەکانی رۆزنبێرگ لەمەڕ دین بەتەواوی پەیوەستە بەڕەگەزگەراییەوە. بەم واتایە کە دەبێت یەکجار بۆ هەتاهەتایی، «عهدی عتیق» (کتێبی جووەکان) وەکو کتێبێکی دینی وەلابنرێت." و ئەمەش تەنیا رێگایەکە بۆ نەهێشتنی مەبەست و ئامانجێکی دێرینەیان، واتە بەجووکردنی ئەڵمانییەکان بخرێتەکارەوە.

هەروەها کاتی ئەوەیە کە "ئینجیلەکانیش" دەستکاری بکەین و لە عیسای مەسیح تەنیا لایەنەکانی تێکۆشان و چالاکییەکانی بهێڵینەوە. لەوکاتەدا لەجێی خاچدا کە هێمایە بۆ لاوازی و دەردو رەنج و چەرمەسەری دەبێت هێمایەکی دیکە هەڵبژێردرێت.

بەپشتبەستن بەم رێگە چارەیە کە "ئینجیل" لە حاڵەتی ئێستاکەیی خۆی واتە حاڵەتی لاوازی و مێینەتی، دەربازی دەبێت: بە کورتی دەبێت بگوترێ کە دەبێت ئامانجی خۆشەویستی بەرامبەر بەخۆیی(هاوجۆر) ببێتە بەشێک لە شانازییەکانی نەتەوەیی هیچکاتێکیش ئەمە لەبیر نەکرێت کە مەسیحییەت لەبوونی بەها زیندووەکانی خۆی قەرزاری تایبەتمەندیەکانی ژەرمەنیە: هەروەها دەبێت بەردەوام ئەمە لەخۆمان بپرسین کە ئایا ئایینە جۆراوجۆرەکان پێکهاتەی رەگەزی و نەتەوەیی بەهێزدەکەن یا نە؟.

دەبێت لێرەدا گوتەیەکی دیکەش بێنینەوە کە دەڵێت: "بەرگری لەخۆکردن. .سەرەکیترین هۆکاری (جیهاد)ی ئەڵمانییە دژ بەجوو، رەشپێست، سیدی،(ناوێکە دراوەتە پاڵ ئەفریقییەکانی نیشتەجێی فەرەنسا) سووری، هەروەها جۆرەکانی تری ئەو خوێنانەیە کە دەرەنجامیان بێجگە لە هەڵتەکاندن و لەناوبردنی ولاَتی ئەڵمان نیە. ئەم رستەیە لەنامیلکەیەک بەناوی "جەنگ لەگەڵ جووەکان" وەرگیراوە کە بە واژووی گرووپێکی چوارقۆڵی، واتە هیتلەر، رۆزنبێرگ، گۆبلێز، شترایخەر لە ساڵی ١٩٣٨ لە لایەن ناوەندی بەڵگەو پروپاگەندەکان(ناوەندی راگەیاندن و پروپاگەندەوە) لەشاری پاریس بەزمانی فەرەنسی دەرچووە.

٣-قۆناغەکانی دەست بەکاربوون(پیادەکردن)

بەپێچەوانەی ئەوەی کە تا ئەوکات روویدابوو، ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە تیۆرو بیروباوەڕە (بێ پشت و نامۆیەیان) خوڵقاند بەهەڵکەوت بوون بەرابەرو بەڕێوەبەری دەوڵەت.

هەربۆیە بەرپرسیارەتیە رامیارییەکانیان دەرفەتی ئەوەی پێدان تاکو لە تیۆرەوە بۆ کردە، یا خود لەقسەوە بۆ کردە هەڵکشن.

١-بڕیارەکانی یاسادانان.

لەناو ئەو یاساو رێسایانەی کە لەبەرواری ١٤ی ژوئیەی ١٩٣٣ دەرکرا یاسایەک هەیە کە لە جۆری خۆی بێ وێنەیە: ئەم مادەیە لەمەڕ بەرگرتن " لەپەرەپێدانی بنەچەی ئەو کەسانەی کە بەنەخۆشی زگماکییەوە توشن هەر ئەم مادەیە بەنیشانەی دەسپێکێکی پێویست بۆ چاکسازی رەگەز(بنیاتنانەوە)، بەم جۆرە بۆی دەچێت کە گرووپە نەخۆشەکان هەرچەند کە خۆشیان رازی نەبن، دەبێت وەجاخیان(نەزۆک بکرێن)

کویر بکریت، هەر بەوجۆرەی کە ئاژەڵدارێک ڕێگە نادات کە ئاژەڵە ناجسنەکانی لەگەڵ جۆرەباشەکەی خۆی جووت ببێ، رایشی سێیەمی ئەڵمانیاش مافی منداڵبوون و سێکسی لە هاووڵاتیانی ناتەواوی خۆی زەوتکرد. هەرلەم رووەش لایەنی هەرەشەئامێزی ئەم بڕیارە بەلای رەنگین پێستەکاندا شکا (هەر رەنگێک جیای سپی). لەگەڵ ئەمەشا ئەو سەربازە رەشپێستانەی کە لەناو سوپای داگیرکەری فەرەنسا لە ساڵەکانی ١٩١٩و ١٩٢٠ لە کەنارەکانی لای چەپی رووباری رێن جێگیربوون، بەهۆی هەبوونی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنانی ئەڵمانی، کۆمەڵێ منداڵی ناشەرعییان لەپاش خۆ بەیادگاری بەجێهێشتبوو (هەڵبەت هاوێێ سپیپێستەکانیشیان بێبەری نەبوون لەم کارە، بەڵام تەرمیمکردنی ئەو کردەیەی رەشپێستەکان زۆرچەتون و نەکراوبوو). لەبەرواری ٨ی فۆریەی١٩٣٤، گوتارێک لەژێرناونیشانی «میراتی شەرمەزارانەی رەش» لەرۆژنامەی deuthsche zeitung بڵاوکرایەوە کە تێیدا کەسێک بەناوی هانس شرۆیدەر hans schroder پێشنیاری وەجاخ کوێرکردنی بیژییە (پاشماوەکانی) رەشپێستەکانی دەکرد.

دەبێت ئەمەش بزانرێت کە لە سەرەتای ساڵی١٩٣٣ دەسەڵاتدارانی ئەڵمانی نزیکەی ١٤٥ نەفەر لەو منداڵە ناشەرعییانەیان سەرژمێری کردبوو مەسەلەی وەجاخکوێرکردنیان خستبووەڕوو.

لە مارسی١٩٣٥، کۆمێسیونێک، کە پتر لە ٢٠ نەفەر تێیدا بەشداربوون ئەم بابەتەیان تاوتوێ و خستبووە بەرباس:

هیتلەریش بۆئەوەی کە زووتر کۆتایی بەو کارە بێنێت، لەبەرواری ١٨ی ئاوریلی١٩٣٧ فەرمانێکی دەرکرد بۆ وەزیری ناوخۆ بەمەبەستی وەجاخکوێرکردنی "ئەم زۆڵە رەشانە" تا کاری پێبکرێت. وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا هەوڵی دا بۆ بیرهینانەوەی لە نایاسایی و ناڕەوابوونی ئەم بڕیارە، بەڵام هیتلەر هەرخۆی لەبەرواری حەوتەمی مانگی مەی فەرمانێکی دەستبەجێ و نەگۆڕی دایە وەزیری ناوخۆ بەو پێیە کە «بێ دواخستن فەرمانەکانی ١٨ی ئاوریل بەجێبگەیەنرێت و هەواڵی دەرەنجامەکەشی پێڕابگەیەنێت».

لەمەڕ جووەکانەوە بێ ئەوەی کە باس لەسەر ئەو پاوانکاری و سنووردارکردنە رەسمییانەی کە بەشێوەیەکی رێکخراوەیی (سیستماتیک) بوون بکەین کە لە ساڵی ١٩٣٣ لە دژیان و بەسەریاندا پیادەکرا، دەبێت ئاماژە بەیاسای حەوتەمی ئاوریل بکرێت کە بەپێی خاڵەکانی، بەنیشانەی بوونێکی ناجسن (بێ کەڵک)، هەموو کارێکی حکوومیان لێ قەدەغەکرابوو: هەڵبەت ئەم یاسایە هەموو کەسە نائارییەکانی دەگرتەوە: ئەمەش بەیەکەمین لەیاساو رێساکانی رەگەزگەرایی رایشی سێیەم دەژمێردرێت کە وەک یاسا هێنراونەتە مەیدانەوە...

**سەرچاوە**

* هزری رەگەزی و نەتەوەی باڵادەس( راسیزم )( Khoi hottentos khois) هۆزێک کە لەباشووری رۆژئاوای ئەفریقای باشوور ژیان بەسەردەبەن.)و.ف

**(cafres کافرەکان ناوێکە کەلەسەدەکانی هەڤدەیەم و هەژدەیەم لە لایەن عەرەبەکانەوە درابووە خەڵکی نا وسڵمانی ئەفریقیا، کە لە باشووری هێڵی ئیستیوا دەژیان، بەڵام ئێستا تەنیا دوو ناوچە لە ئیالەتەکانی کاپ دەگرێتەوە.)و.ف

***(وەرگیراو لەکتێبەکەی ئەلیاهو بن یەسار لەژێرناوی سیاسەتی رایشی سێیەم و جووەکان. چاپی پاریس ١٩٦٩،لاپەڕەی١٩٥٥